
ژمارە ٧
تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

## هەدا*

# کۆمیدیای بێ ئینتیمایی



نوری بێخاڵی

"مرۆڤ دەبێ چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت،
نەك قەبوڵی بکات" پاولۆ کۆیلیۆ

(١)

سەراسیمە بەنێو پێدەشتی جەنجاڵ و پڕ ئەندێشەی خەیاڵم پیاسە دەکەم و تاو نا تاوێ رادەمێنم.. سەرنج دەدەمە ئەو تارماییە رەشەی گوتاری ساختەی کوردایەتیو ئەو رەزا قورسیەی سیاسەت، دەروانمە هەموو ئەو تەلبەندە درکاویانەی بە رەنگو شێوەی جیاوازەوە ئایدیۆلۆژیای حزب لە دەورمانی تەنیون، تا زاتی بینینی ئەودیوی حەقیقەتەکانی بوون و ژیان نەکەین و هەمیشە وەك دردۆنگی ئەوان، مافەکانمان بە خەون بزانین.... ئێستاش سەیرم پێدێت کە لە روو قایمیمانەوەیە، یان گەمژەیی، یاخود خۆڕاگری، بەم چەشنە بەرگەی هەموو ئەو باهۆزە شوومانە دەگرین و هێشتاش چرۆکانی ئومێد لە ناوەوەماندا دەپشکوێن و لە خۆم دەپرسم: بەڕاست گەشبینی و خەون بینین بەسن بۆ ئەوەی بەردەوام بین؟

(٢)

مێژوومان بەقەد سەرکەوتنەکانمان و بارتەقای شانازییەکانمان دۆڕان و شکستی لێ دەچۆڕێ، کەچی کەمتر هەوڵی بەخۆداچوونەوە و دەرزی ئاژنی دیرۆك و ناخی خۆمان دەدەین. غروری کورسی و وەهمی فریادرەسی کوێری کردووین و بەرچاوی بینینی سبەی لێڵ کردووین، وێڕای دەستەپاچەیی و کڵۆڵی خۆمان، کەچی پێمان وایە دەبێ خەڵك لە ئێمەوە حیکمەتەکانی ژیان و گۆڕان و بەهاکان فێربن.. تا ئەم چرکەیەش دەستەکانمان بۆنی خوێنی جەستەی خۆمانی لێدێ و لە هاڵاوی هەناسەمان بۆسۆی ئەو کەمینە بەدانە دێ، کە لێیانەوە باڕووتمان رژاندە گیانی یەکتریەوە، کەچی بێشەرمانە بە سەروەرییەکانی نێو یادەوەریمان دەتریقێینەوە.

(٣)

بەو رۆحە شەیتانی و ئەندێشە دۆزەخییەی سیمبولە بەتاڵەکانمانەوە، کوردبوون چ قسەیەکی قۆڕ و چ وەیشومەیەکی نەگبەتییە.. کوردبوون بەو بەرائەتەی خۆیەوە، چ سەرما بردەڵەیەکی پەڕپووتی بێ پەنای نێو سەهۆڵبەندانی دونیای بێ ئیمانی و بێ ئینتیمایی گوتارە پفدراوەکانی سەر مافوری سوورە، چ گەریدەیەکی سەرلێشێوێنراوی نێو گوتاری سەرکردەکانی سەر شاشە و بەردەمی مایکەکانە، ئەوانەی بە بەلاغەتی سیاسییەوە بەلایانەوە ئاساییە دوژمن بە زمانی خوێن و چەك ئەو جەستە و کیانەی کوردبوون هەپڕوون بە هەپڕوون بکا و کوردیش بەدیاریانەوە دەستە و نزای چارەی ئاشتییانە و دیموکراسییانە بوەستێ.

(٤)

کوردبوون بەدەستی ئەو سیاسەتبازانەی خەونەکانیان لە سەر مافوورە سوورەکان و پێشوازییە شاهانەکان کۆتایی پێهات، بۆتە چ مەهزەلە و گاڵتەجارییەکی بێمانا و چۆن ناچار بەوە کراوە شەرم لە خۆ شوناسکردن بکاتەوە و شورەیی لە ئاست خۆپارێزی و بەردەوامبوونی خۆی دایبگرێ.. کوردبوون بە دەستی ئەو کائینە عەجیبانە، کە شەرم نایانگرێ زاتی ئەوە نەکەن بە دوژمن بڵێن خۆیان و دەبابە و پیاوە سیخورە رەزا قورسەکانیان  بگەڕێننەوە خاك و وڵاتی خۆیان، لەبەرامبەردا بە زمانی زبرەوە بە رۆڵەکانمان دەڵێن چیاکانمان چۆڵ بکەن، چەندە پووچ و بێمانا کراوە.

ئیدی مەگەر پشووێکی درێژ بۆ خۆخوێندنەوەیەکی بوێرانە، ئەو بوونەمان بێنێتەوە دۆخی نۆرماڵ و شەرم نەکردن لە خۆی، ئەگینا نوکتە و موژدە بەشینەوەی جەناب و فەخامەتەکانی ناو کۆشك و پاڵ پەرژینی پاسەوانە چاویلکە تاریکەکان، تا دێ رۆحی ئینتمامان دەکوژن!

---

* هەدا: بەمانای پشوو، یان حەسانەوە.